ئەنجومەنی باڵای دادوەری وادەی شایستە دەستوریيەکان دیاریدەکات



ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق ئەمڕۆ یەکشەممە پلانێکی بڕاوکردەوە و تێیدا ماوەی دەستوری بۆ قۆناغە راگوزەرییەکانی پەیوەست بە پێکهێنانی سێ سەرۆکایەتیەکەی بەپێی ماددە دەستوریيەکانی دیاریکرد.

بەپێی نوسراوێك کە ئەنجومەنی باڵای دادوەری بڵاویکردۆتەوە، هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان و هەردو جێگرەکەی لە ماوەی 15 ڕۆژدا (مادەی 54ی دەستور) لە وادەی پەسەندکردنی لەلایەن دادگای باڵای فیدرالی لە 14ی (کانونی یەکەم/12)ی 2025 ئەنجامدەدرێت.

ئاماژە بەوەشکراوە، هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمار لە ماوەی 30 ڕۆژدا لە دوای یەکەمین دانیشتنی پەرلەمانەوە و دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی پەرلەمان و هەردو جێگرەکەی (مادەی 72/دوەم/ب)ی دەستور ئەنجامدەدرێت.

دەسەڵاتی دادوەری باسی لەوەشکردوە، دەستبەکاربونی سەرۆك وەزیران لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمارەوە و لە ماوەی 15 ڕۆژدا (مادەی 76/یەکەمی دەستور) ئەنجامدەدرێت، هاوکات پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە دوای دەستبەکاربونی سەرۆك وەزیرانەوە بۆ ماوەی 30 ڕۆژدا

(ماده‌ی 76/دوه‌می ده‌ستور) ئه‌نجامده‌درێت.